# ڕاپۆرتێ یادکردنەوەی کیمیابارانی شاری حەلەبجە لە شاری وانکوڤەر لە کانەدا

ئێـــوارەی ڕۆژی یەکشـــەممە ١٦ی مـــارچ بـــە ئامـــادە بـــونی حیـــزب و ڕێکخـــراوە کوردســـتانیەکان و ژمارەیـــەکی بـــەرچاوّ لـــە کوردەکـــانی دانیشـــتوی شـــاری وانکوڤـــەر، کۆڕێـــک بـــۆ یـــادی قوربانیـــانی کارەســـاتی هەڵەبجـــە ســـاز درا و ریـــز لـــە یـــادی قوربانیـــانی چـــەکی کیمیـــائی و هـــەمو شـــەهیدانی حەلبچـــە گیـــرا بـــە دانـــای ٢٠ شـــاخە گـــوڵ و هـــەڵکردنی ٢٠ مۆم لە ٢٠ەمین سالیادی ئەم کارەساتەدا.

ریورەســـمەکە بـــە خوێنـــدنی ســـرودی نەتـــەوەئی دەســـتی پێکـــرد و پاشـــان نوێنـــەری هـــەرکام لـــە حیـــزب و ریکخراوەکـــانی بەشـــدار لـــە کۆرەکـــەدا پـــەیامی خۆیانیـــان پێشـــکەش کـــرد. دوای پەیامـــەکان دو فیلمـــی داکیومـــەنتری لـــە بـــارەی حەلبجـــە و هـــەروەها قـــەلاچۆکردنی کوردەکان لە سەدەکانی رابردودا و بیرەوەریک لە کۆماری کوردستان نیشان درا.

هـــاوری حەمیـــدی بـــەهرامی پـــەیامی کومیتـــەی دەرەوەی ولاتـــی کۆمەڵـــەی لـــە یـــادی کیمابارانی حەلبجەدا خۆیندەوە کە لە بەشێک لەو پەیامەدا ئاوا هاتبو:

ڕۆژی شـــازدەی مارســـی بیســـت ســـاڵ پـــێش ئیســـتا، لـــە شـــەڕی کۆنەپەرســـتانەی ئێـــران و عێراقـــدا و لـــە لەشـــکر کێشـــی و تێکهـــەڵچوونێکی یـــەکجار گـــەورەی نێـــوان دوو ســـپای داگیرکـــەری کوردســـتان کـــە لـــە بەشـــێکی بـــەرینی دەورو بـــەری هەڵەبجـــە بـــەڕێوە چـــوو، بەفـــەرمانی ســـەرانی حکوومـــەتی بـــەعس کـــە لەشـــکرەکەیان ڕوولـــە شکســـت بـــوو، هـــەموو ناوچەکـــە و بەتایبـــەت شـــاری هەڵەبجـــە دەور و بـــەری بۆمبـــارانی شـــیمیای کـــرا. لـــەم بۆمبارانـــە دڕندانەیـــەدا زیـــاتر لـــە ٥٠٠٠ کـــەس لـــەخـــەڵکـی هـــەڵەبجە بـەگازی خـەردەل قـڕ کـرا و هـەزاران کەسیش تـا ئـــاخری ژیانیـــان و ڕەنگـــە چەنـــد پشـــت دواتریشـــیان نوقســـان و دەردەدار کـــران. هـــەروەها هەمووپێشـــمەرگەکانی یـــەکێـــک لەکارامـــەترین گوردانـــەکانی کۆمەڵـــە یـــانی گـــوردانی شـــوان، کـــە بـــۆ جێبـــەجێ کردنـــی

ئـــەرکی ریکخراوەئـــی بـــەرەو کوردســـتانی رۆژهـــەلات بـــەرێوە بـــوون، لـــەم بۆمبارانە دا وێڕای قوربانیانی تری هەڵەبجە گیانیان لەدەستدا.

ئـــەم جینایەتـــەش وەک جینایـــەتی ئـــەنفال و زۆر جینایـــەتی تـــری دوژمنانمـــان دەرهـــەق بەگـــەلی کـــورد خەســـارێکی گـــەورەبو لەگـــەلی کـــورد. دیـــارە هـــەموو ســـاڵێک و لـــە هەمووپارچـــەکانی کوردســـتان و لـــە دەرەوەی ولاتـــیش، بەشـــێوەی جـــۆرا و جـــۆر وەبیردەهێنرێتـــەوە و رێـــز لـــەیادی شـــەهیدەکان و قوربانیـــانی ئـــەو خەســـارە گەورەیـــە دەگیـــرێ. بـــەلام هێشـــتاش ئـــەم جینایەتـــە دژی بەشـــەرییە وەک جینایـــەتی هیرۆشـــیماو ناکـــازاکی لـــە دنیـــادا نەناســـراوە گـــەلی کـــورد و هێـــزە سیاســـییەکانی بەتایبەت لە دەرەوەی ولات پێویستە بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ بدەن.

ئـــەمرۆ کـــە یـــادی ئـــەم کارەســـاتە دەکەینـــەوە پێویســـتە ئامـــاژە بـــەوە بکـــەین کـــە برینـــەکانی خـــەلکی حەلبەجـــە بـــەوە ســـارێژ دەبـــی کـــە لـــە پیداوســـتیەکانی ژیـــان بـــەهرەمن بـــن و هـــەروەها تاوانبـــارانی ئـــەم جێنوسایدە بەسزای خۆیان بگەن"

**"ئەو لایەن و حیزبانەی کە پەیامیان خۆیندەوە بریتی بون لە:**

**کۆمیتـــەی رێکخســـتنی یـــەکێتی نیشـــتمانی کوردســـتان، پـــارتی دێمـــوکراتی کوردســـتان، حیزبـــی دێمـــوکراتی کوردســـتانی ئیـــران، حیزبـــی دیمـــوکراتی کوردســـتان، ریکخـــراوی خـــەبات، ناوەندی چاک لە وانکوڤەر، کورد تی ڤی کانەدا.**

**شـــایانی باســـە کـــە ئـــەم ریورەســـمە لـــە لایـــەن کـــورد تـــی ڤـــی و بـــە هاوکـــاری و پشـــتیوانی حیزب و ریکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی لە وانکەڤەر ئامادە کرابو.**

## کومیتەی مەلبەندی ئامریکای باکوری کۆمەلە

## ١٧ی مارسی ٢٠٠٨-٠٣

www.komala.org
E-mail: northamerica_komala@yahoo.com

Mobile:+
Teflon:+ 416-8509980
Fax:+ 416-8509980